پژاک: دژ تیرری پارتی زامندی دوتی تورکیا ل گیانی مرڤکان گرنگتر

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، ل اگیندراوکدا هواکی دزگای دژ تیرر ب درخست و
وونیکردو، "دوو ژ لموبر دزگای دژ تیرری پارتی هواکی باو کردو ک گوای ل
هرشکی ئاسمانیدا ل ئاوایی زنگی دری سر ب سنووری پنجون س گریلا شهید بوون"، هاتووش،
وای بدرخستنوی ئو هوا، پویست سرنج ب سر هند ل کارکانی ئو دزگا بدناو
ا بکشین.
پژاک ل وونکردنویکدا اگیاند، "ل کوتی 11ـی ئو مانگدا دوای ئوی ل هرشکی
ئاسمانی فرک بفرکوانکانی تورکیادا ل گی پنجون ب ناپارز، س هاووتی عربی خکی
موسڵ ک ل دهک نیشتج بوون و کارمندی ئاسیاس بوون شهید بوون"، جختی کردو، ک "دزگای
ب ناو دژتیرری پارتی ایگیاند ئوان گریلا بوون، کچی ب وونکردنوی فرمی کمپانیای
ئاسیاسل ئو دزگای بدر کوتو و درکوت ک ب دژ تیرری پارتی زامندی دوتی
تورکیا ل گیانی مرڤکان گرنگتر".
ل توای پیامکی پژاک هاتوو، "دزگای ب ناو دژ تیرری پارتی ک وک مافیایک دستی ل
سرکوتی خک ناپارز و دستی ل دستبسرکردنی هاووتیان و ب تایبت چالاکانی مدنی و

ڕۆژنامەنووساندا هەیە، هاوتەریبی ئەو کردەوانەی، وەک وتەبێژی دەزگای سیخوڕی میتی تورکییە دەجوڵێتەوە". ئەو ناوەندە مافیاییە دوای هەر هێرشێکی دوژمن، دەستبەجێ هەواڵەکەی بڵاو دەکاتەوە و هەندێ جار لە کاتی وەکوو دیدارەکەی هاکان فیدان لە عێراق و باشووری کوردستان، هەواڵی چەوت و درۆ بڵاو دەکاتەوە کەچی ڕێک لەو کاتەدا بەهۆی هێرشی فرۆکە بێفرۆکەوانەکانی دەوڵەتی تورکیا مەرتەع و باخ و ڕەزەکانی پێنجوێن ئاگریان گرتبوو و پێویست بوو هەموو لایەن بەهانای خەڵکەوە بچن بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بەڵام ئەوە نەک تەنیا بایەخیان پێ نەدا، بەڵکوو وەک بەشێک لە دەزگای میتی تورکیا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەوت و ناڕاست، بۆیە پێویستە گەلی کورد لە بەرامبەر ئەو دەزگایە هۆشیار بێ.

لە دەقی پەیامەکەی پژاک هاتووەش، "هەرچەندە ئەوە چاوەڕوانکراو بوو و هەموو دەزانن کە ئەوە دەزگای حیزبێکە کە لە دانیشتنەکانی دوای ئاشبەتاڵ لە جیاتی وێنەی شەهیدانی ڕێگەی شۆڕشی کوردستان، وێنەی خومەینییان لە شوێنی کۆبوونەوەکان هەڵواسیبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەواڵەکە لەسەر زاری دەزگایەکی وەها لە ڕاگەیاندنەکان بڵاو بێتەوە، بە پێویستمان زانی کە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە بدەین"، ئێمە ڕایدەگەیەنین ئەو دەزگایە بۆتە بەشێک لە دەزگای تیرۆریستی میت و وەک دەزگای هەواڵنێرییەکی سەر بە میت کار دەکات و تەمرین و ڕاهینانی جۆرێکی نوێ لە بەکرێگیراوی دەبینێ، هەر بۆیە داوامان لە دەزگای ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکان هەیە ئاستی خۆیان نەهێننە ئاستی دەزگای تیرۆریستی بە ناو دژە تیرۆری پارتی و ئەگەر بە ناچاریش پێویستە قسەکانی ئەوان بڵاو بکەنەوە، پێویستە بەردەوام جەخت بکەنەوە کە هەواڵەکانی ئەو دەزگایە گومانی لەسەرە، ئەوە پێویستیی ڕاگەیاندنێکی ڕاستەقینە و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیی پیشەیە بەڵام ئەوە ڕێگر نییە لە پشتیوانی تێکۆشانێکی بە حەق، شێوازێکی پشتیوانی لە ئێمە دەکرێ بە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاستی دوژمنانی تیرۆریست بە دەرحەقی ئێمە و ئەوەش لە بەرامبەر پیشەی ڕۆژنامەوانی بەربەست نییە.

پژاک لە کۆتایی پەیامەکەیدا ڕایگەیاند، "ئێمە لە شۆڕشداین و بەردەوام هەموو هەواڵێ خۆش و ناخۆشەکانی تێکۆشانمان بە زووترین کات بە ڕای گشتی و گەلەکەمان ڕادەگەیەنین، بۆیە داوامان لە گەلەکەمان ئەوەیە بە بیستنی هەر هەواڵێک، بە سەربەوە چاوەڕوانی ئەوە بکەن کە ڕاگەیاندنەکانی ئێمە هەواڵەکە پشتڕاست یان بەدرۆی بخەنەوە".